www.kurdistannet.org
9-1-2003 15:53

# ماچ و ڕێز گرتن

کوردی

دەنگ و باسێکی زۆر هەیە لەوە کە بەرێز جەلال تالەبانی لەلایەن تورکمانەکان مشتێکی پێکەوتووە، بەڵام هەندێ لە دۆست و هاوڕێیانی یەکێتی ئەمە بە درۆ ئەخەنەوە. لەم ڕۆژانە نووسەرێک کە خۆی لەم کۆبونەوەیە بووە ئەڵێ ئەمە شتێکی هەلبەستە تەنها ناحەزانی یەکێتی ئەم پروپاگەندەیان بلاوکردۆتەوە بەلام هەر خۆی چەند شتێکی سەیرو سەمەری باس کرد ئەڵێ جەلال تالەبانی هێندە ڕێزی لێ گیراوە تەنانەت عەرەبێک ووتوویەتی مام جەلال پیاوی چالاکیە گرانەکانە بێگومان مام جەلال پیاوی سولح و ئاشتیە هیچ زیانێکی بۆ عەرەب نیە جگە لە خزمەت کردنی عەرەب

ئەوەتا ئەڵێ ئێمە عێراقین وە هەموو کەس ئەزانێ عێراق مانای عەرەبستانە ئەو عێراقە کە کوردی تێدا ئەچەوسێتەوە، ئەو عێراقەی کە کوردی دلسۆز شانازی پێ ناکات و بە هی خۆی دانانێت.

ئایا جەلال تالەبانی لە بەر خاتری کورد داوای وولاتی سەربەخۆ ناکات یاخود لە ترسی خۆی تاوەکوو وەک ئۆجەلان دەست گیرنەکرێ و نەچێت بۆ زیندانی سیاسی

بێگومان هەموو ڕۆژێ جەلال تالەبانی ڕۆژنامەنووسەکانی عەرەبی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەن، وە لە ووشەی گوڵ بۆ عەرەب هیچی تر نانێرێ گوڵەکە ئەوەیە کە دەڵێ ئێمە عێراقین

ئاخر ئەم هاوڕێیە کە لە کۆبوونەوەکە ئامادەببوو ئەڵێ جەلاڵ تالەبانی ئاوی بۆ شاعیرێکی عەرەب داناوە ئاخۆ ئەم شاعیرە شعری بەسەر عێراق داگووتووە یاخود بەسەر کورد تاوەکوو جەنابی ئاوی بۆ دانێ. ئاخر عێراقێک لەوەتەی درووست بووە دژایەتی کوردی کردووە بە چ هەقێک ئاوی شیرن لە پێش شاعیرێکی کورد کوژ دادەنێ نەخێر ئەمە تەنها بۆ ئەوە بووە جەلال تالەبانی خەلکان بۆ خۆی ڕاکێشێ، و خەڵک لە مەسعود بارزانی بکێشێنێتەوە، حەزی لێیە پێی بڵێن پیاوێکی مۆدێرنە چونکە دەزانێ مەسعود بارزانی ئەم کارەی ئەو ناکات

ئاخر بەرێز مام جەلال ئەگەر بەناوی کورد کارەکان دەکەی ئەوا کورد حەز ناکات سەرکردەکەی ماچکەری هیچ دوژمنێک بێت ئەوە دبلوماتیەت نیە تۆ دەیکەی تۆ ئەڵێی بە ماچ فێری دڵەکەم زۆرت لێ پەستم

ئاخۆ قەت پێشمەرگەکانی خۆت ماچ کردووە، مەگەر هەر بە گۆچان

چەند جار مام جەلال ڕووی سەدامی ماچ کرد و چەند جار ڕووی شێخەکانی عەرەبی ماچ کردووە لە هەر ماچێک ژیانێکی نوێی داوەتەوە عێراق واتە عێراقی عەرەبستان

من وەکوو کوردێک حەز ناکەم سەرکردەی کورد مشت بخواد یاخود ڕووی هیچ دوژمنێک ماچ بکات

ئاخر ماچ ئەم مانایانە ئەگرێتەوە خۆشەویستی، دلسۆزی، لێ بوردن، ئارمی

ئایا ئێمە عەرەب و سەدامان خۆش بوویێت کە **1400** سالە ئەمان کوژن بە نەوەی جنۆکەمان دائەنێن

ئایا دلسۆزی عەرەب بین کە سۆزی ئێمەیان تواندەوە

ئایا لێیان ببوورین کە **200** هەزار کوردیان زیندە چال کرد

ئاخر ماچی چی دەکات پیاوی چالاکیە گرانەکان

ئەم ڕۆژە کورد ئەڵێ مام جەلال کوری تەنگانەیە و ڕزگارکەری کوردستانە هەرکاتێک مەشخەلی شۆرشگێریەتی بەرزبکاتەوە بلێ من خەلکی کوردستانم و عێراق وولاتی کورد نیە

ئاخر ئەو ڕۆژە کەی دێت سەرکردەی کورد زاتی ئەوە بکات بلێ سەربەخۆیی بۆ کورد و کوردستان

ئاخۆ چ ڕۆژێک دێت سەرکردەیەکی چاو نەترس سەرهەڵ بدات تا مردن شەر بکات و شەری چارەنووس بۆ ئەم گەڵە بکات

ئاخر ئێمە زیاتر لە **5** ملیۆن کورد لە ساڵی **1922** لێمان کوژراوە هیچ ڕۆژێک شەری چارەنووسمان نەکردووە جەزائیریەکان بە ملیۆن و نیوێک شەهید سەربەخۆی خۆیان وەرگرت بەلام ئێمە شەهیدەکانمان بۆ ئۆتۆنۆمی خۆیان بەخت کرد

ئاخر جەلال تالەبانی و مسعود بارزانی هەتا کەی ئێوە ڕۆلەی کورد بە کوشت ئەدەن بۆ حوکمی زاتی یاخود بۆ فیدرالی

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان ئەی ئەوانەی لەناو سەنگەری پارتی و یەکێتین ئێوە ئەگەر چەکتان هەڵگرتووە لە دژی سەدام ئەوا ریزی شۆرش بە جێ بێلن چونکە سەدام مرۆڤێکە هەر ئەمرێت وەکوو حاکمەکانی تر
سەدام تەمەنی حەفتا سالێکە هەندەی نەماوە خۆی بمرێت ئیتر پێووست ناکات ئێوە خۆتان بە کووشت بدەن
بەڵام ئەگەر ئەم چەکەی سەرشانتان چەکی رزگاری کوردستانی یەک پارچەیە ئەوا ئێوە جێگای شانازی میللەتی خۆتانن بەڵام خۆتان بۆ حوکمی زاتی بەکوشت مەدەن هەقی خۆیەتی ئێستا لە سەرکردەکانتان بپرسن کە بۆچی شۆرش دەکەن
لێیان بپرسن بۆ حوکمی زاتی شۆرش ئەکەن یاخود بۆ کوردستانی سەربەخۆ
ئێوە خاوەن سەنگەرن، سەرکردەکان بەبێ ئێوە هیچیان پێ ناکرێت مەهێلن چی تر خوێنتان بە فیرۆ بروات
ئێوە چەکتان هەلگرت بۆ کورد و کوردستان بەلام ئەم سەرکردانە شەری براکوژیان پێکردن و خۆشیان هیچ زیانێکیان بەر نەکەوت
بەرێزان با بەر ماچی میللەتی خۆتان کەون نەوەک بەر نەفرەتی کورد

www.kurdistannet.org کوردستان نێت